# مایکرۆ کۆمپیوتەرەکان




پێدەچێت سەردەمی کۆمپیوتەری سەرمێز و لاپتۆپیش بەسەر بچێت و ئیدی کۆمپیوتەری بەقەد پەنجەیەك شوێنیان بگرێتەوە. زۆر جار لەم فایلەدا کۆمپیوتەری زۆر بچوك و مایکرۆمان ناساندووە.. کۆمپیوتەری MAGICSTICKیش یەکێکە لەو کۆمپیوتەرە بچووکانە کە بەقەد فلاش میمۆرییەك دەبێت، بەڵام کارایی و تواناکەی بەقەد کۆمپیوتەرێکی زۆر بەهێزە، کۆمپیوتەرە بچووکە رامەکەی هەشت گیگابایتە! پرۆسیسەرەکەی چوار ناوەکییە، تەنانەت دەتوانێت ڤیدیۆی 4Kیش بلاو بکاتەوە. ئەم کۆمپیوتەرە بچووکە ویندۆز١٠ و سیستەمی ئەندرۆیدی لەسەرە و کۆمپیوتەرێکی تەواوە بە ڕێگای کێبڵی HDMI بەهەر شاشەیەك پەیوەند دەدرێت.



## مایکرۆسۆفت مۆبایلەکەی دەکاتە کۆمپیۆتەر

کۆمپانیای مایکرۆسۆفت دوای ئەوەی دوای ئەوەی کە پشکی مۆبایلی کۆمپانیای نۆکیای کڕیوە و ناوەکەی گۆڕی بۆ (لۆمیا) و چەندین مۆبایلی لە جۆری (لۆمیا)ی خستە بازار، لەم ڕۆژانەدا ئامێرێکی بچووک کە بە DISPLAY DOCK ناسراوە خستەڕوو، ئامێرێکە بەهۆی کێبڵێکەوە لە یەکێك لە مۆبایلەکانی (لۆمیا) پەیوەند دەدرێت و پاشان شاشە و کیبۆرد و ماوسی بۆ دادنرێت و مۆبایلەکە دەبێتە کۆمپیوتەرێك کە سیستەمی ویندۆز١٠ی لەسەرە. بەئاسانی بەهۆی ئەو ئامێرەو مۆبایلی لۆمیاوە دەتوانی بەبێ کۆمپیوتەر زۆربەی پرۆگرامەکانی کۆمپیوتەر وەك ئۆفیس و پرۆگرامەکانی دیکە بەکار بێنی. نەك تەنیا ئەوە دەتوانرێت سەیری فیلم بکەی یان تۆڕێکی کۆمەڵایەتی بکەیەوە و سەیری لاپەڕەکانی ئینتەرنێت بکەی.

# بچووکەکان شوێن بە گەورەکان لێژ دەکەن!



کۆمپیوتەر لەماوەی نیو سەدەدا گۆڕانکاری گەورەی بەخۆوە دی، لــە کۆمپیوتەرە زەبەلاحەکان کــە بەقەد موەلیدەیەکی گەورەی کارەبا دەبوون و وزەیەکی زۆریشــیان دەویســت تا دەکاتە کۆمپیوتەرە فــلاش میمۆرییەکان.. پێدەچێت وردە وردە بچووکەکان شوێن بە گەورەکان لێژ بکەن، کۆمپیوتەرە بچووکەکان ئێســتا هەمان توانایی و کارایی کۆمپیوتەرە گەورەکانیان هەیە، کۆمپانیــای ئەنتەل بەم دواییە یەکێك لە کۆمپیوتەرە بچووکەکانی خۆی خستەڕوو، کۆمپیوتەری جــۆری NUCPGYH. کۆمپیوتــەری ناوبراو پرۆسیســەرێکی زۆر خێرای و بەهێزی هەیە، رامەکەی ٢ گێگابایتە و شــوێنی داکردنی داتای ٣٢ گیگابایتە. سیســتەمی ویندۆز ١٠ی لەســەرە، سیســتەمی وای-فای و بلوتوس و پشــتیوانی کردن لە هارددیسکی جۆری SSD هەیە.

# پایسکل و جیهانی دیجیتالی




لەم دوو ســاڵەی دواییدا، جیهانی پایســکل گۆڕانکاری بەســەرداهاتووە، لەم فایلەدا چەندین جار باســی پایســکلی جۆراوجۆرمان کــردووە کە لەم دوو ساڵەدا بەرهەم هاتوون. لەم ماوەیەدا ئامێرێکی بچووك بەناوی BALIGHT بەرهــەم هاتووە کە لە تایەی پایســکل دەخرێت بەهــۆی ئەو ئامێــرە و پرۆگرامێك کە لەســەر مۆبایلە دەتوانی وێنــەی رەنگاورەنگ و جوڵەداری سەر تایەکان بگۆڕی.. ئەم ئامێرە لــە ٣٧٦ گلۆپــی بچووکی LED پێکهاتووە بەهۆی ئەو گلۆپانەوە دەتوانی زیاتر لە ١٦٠ ملیۆن رەنگ نیشان بدەی. جگە لەوەش ئامێری ناوبــراو بــە سیســتەمی GPS بەستراوەتەوە و شوێنی پایســکیلەکە لەســەر نەخشەی جیهان نیشان دەدات و دەتوانی شوێنەکە لــە تۆڕی کۆمەڵایەتی کە تایبەت بۆ ئەو ئامێرە داندراوە لەگەڵ بەکارهێنەرانی دیکە پەیوەندی دامەزرێنی.



## پرۆگرامێک بۆ گ

گەلێـــك پرۆگرام هـــەن بۆ دەســـتكاری كردنی وێنە و گۆڕینی روخساری كەسەكان، یەكێك لەو پرۆگرامانەی كە لـــەم دواییەدا بۆ مۆبایل بەرهەم هاتووە، پرۆگرامی جۆری FACE SWAPە، بە پرۆگرامی ناوبراو دەتوانی بە ئاســـانی سەری كەسێك لە وێنەیەكدا بلكێنی بە كەسێكی دیكەوە، بۆ نموونە دەتوانی باوكێك و منداڵێك كە پێكەوە وێنەیان



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێكی بەڕێز دەپرسێت، فلاش میمۆرییەكەم كە ١٦ گێگابایتە نیشان دەدات كە پڕ بووە، بەڵام كاتێك دەیكەمەوە هیچ فایلێكی تێدا نابینم كە فۆرماتیشی دەكەمەوە هەر بە پڕی دەمێنێتەوە چی لێبكەم؟

خوێنەری بەڕێز، بچۆ بۆ بەشی كۆنترۆڵ پەنەل و لەودا FOLDER OPTION بدۆزەوە و دواتر كە كردتەوە، هێمای (راست)ی بەشی HIDE PROTECTED OPERATING SYSTEM FILES لابەرە و دواتر OK بكە، ئیدی ئێستا هەموو فایلەكانی كە دیار نەبوون دەردەكەون، بە ویستی خۆت دەتوانی فڕێیان بدەی یان بیانهێڵیەوە..

## کانۆن و داهێنانێکی گرنگ لە جیهانی کامێرادا



كۆمپانیـــای ژاپۆنی كانون (canon) بۆ ئەوانەی لەگەڵ كامێرا ئاشـــنان ناوێكـــی نامۆ نییە. لە دوا داهێنانی خۆیدا كۆمپانیای ناوبـــراو رادەگەیەنێت كـــە كامێرایەكی بـــە كوالیتی ٢٥٠ میگاپیســـكل بەرهەم هێناوە، بە بۆچوونی كۆمپانیا دەكرێت لە لە فڕۆكەیەك كە بە خێرایی دەڕوات نووســـراوەكانی ســـەر فڕۆكەكە لە مەودای ١٨ كیلۆمەترییەوە بە جوانی نیشان بدات. دیارە تایبەتمەندی نیشـــاندانەكە لە تۆماركردنی وێنەكاندا نییە، بەڵكو لە جیهانی فیلم هەڵگرتنەوەشـــدا زۆر گرنگـــە، چونكە ئەو فیلمانەی بـــەو كامێرایە دەگیردرێـــن ٣٠جـــار زیاتر گەشـــتر و روونترن لە فیلمانەی بە كوالیتی K4 دەگیردرێن.

كانـــۆن پێیوایە كامێراكەی دەكرێت لە بەشـــی ئەمنییەتـــی و چاودێریـــدا ســـوودی گرنگی لێببیندرێ.

## منداڵانیش دەتوانن

رەنگە هەمووتان ئەو خشـــتە پلاســـتیكییە رەنگاورەنگانەتان دیبێ كە منداڵان بە لەسەریەك دانانیان ئەوەی مەبەستیانە پێی دروست دەكەن. ئێستا خشتە پلاستكییەكان بوونەتە دیجیتالی و بە Robo wunderkind ناسراون، لە بری پلاستیك لە وایەر و هەستەوەر دروست كراون. هەركام لەو خشـــتانە بۆ مەبەستێكی دیاریكراو





## ۆڕینی روخسارەکان

هەیە وای لێبکەی باوکەکە شـــوێنی منداڵەکە و منداڵەکە شـــوێنی باوکەکە بگرێتەوە. یان ســـەری ژن و پیاوێك بۆ یەکتـــری بگۆڕی، زۆر وێنەی کۆمێـــدی و گاڵتەجاڕی دروســـت بکەی، پرۆگرامەکە بە ئاســـانی و ئۆتۆماتیکی سەری کەســـەکان دەناســـێ و تەنیا بەیەك ئاماژە سەری کەسەکە لێدەکەیەوە و بە یەکێکی دیکەی دەلکێنی.




## سایتێک بۆ دیزاین کردنی سایت

حـــەز دەکەی ســـایتێکی تایبەت بەخۆت هەبێت، بەڵام نازانی دیزاینی بکەی. یەکێك لە گرفتەکانی دروستکردنی ســـایت ئەوەیە کە کەم کەس دەزانێت خۆی نەخشەســـازی بـــۆ ماڵپەڕەکـــەی بـــکات، گەر تۆ یەکێکـــی لەوانەی حەزدەکـــەی ماڵپەڕی خۆت هەبێت سەر لە سایتی .Wix COM بـــدە، لەو ســـایتەدا بە ئاســـانی دەتوانی سایتەکەی خۆت دیزاین بکەی.. یان لەو چوارچێـــوە و دیزاینانەی کە تێیاندایە سوود وەربگری، بۆ ئەمە پێوستی بە شارەزاییەکی زۆر نییە و تەنیا دانانی شتە پێویستییەکانی سایتێکە..

## ستێم لینک ئامێرێکی نوێی یاری ئەلکترۆنی

پلـــەی ستەیشـــن، لاپتۆپی تایبـــەت بە گەیـــم، تەبلێت، ئێکـــس بۆکس.. تاد، ئەوانە بەشـــێکن لەو ئامێرانەی کە تایبەتن بە یاری کردنی ئەلکترۆنـــی، یاری ئەلکترۆنی چەند ســـاڵێکە جێگای خۆی کردتەوە، نە تەنیا لـــە ناو منداڵاندا بگرە لە زۆر وڵاتی جیهاندا بۆ نموونە کۆریای باشـــوور شوێن هەیە پیرەکانیـــش رووی تێدەکەن و یاری ئەلکترۆنی دەکەن.. رۆژ بـــە رۆژیش ئامێری نوێتر بۆ ئەم بوارە بەرهەم دێت، یەکێـــك لەو ئامێرە نوێیانە STEAM LINKە، ئامێرەکە بە قەد هاردێکی دەرەکی دەبێت، ئەرکی ســـتێم لینك ئەوەیە کە یاری لە ســـەر کۆمپیوتەوە بۆ سەر تەلەڤزیۆن یان هەر شاشـــەیەکی د یکە بگوازێتەوە. ئامێرەکە لە رێگای کێبڵی HDMI بە مۆبایل پەیوەند دەدرێت، پاشـــان دەسکی گەمەی بۆ دادەنرێت و دواتر ئەو کۆمپیوتەرەی کە گەیمی لەســـەرە پێی دەناســـێندرێ و ئیدی دوایی بە ئاســـانی دەتوانی یارییەکان ئەنجام بدەی.





## رۆبۆت دروست بکەن

داندراون و ئەرکێکی تایبەتی ئەنجام دەدەن، بۆ نموونە یەکێکیان باترییە، ئـــەوی دیکە تایە و بلوتوس...تـــاد. منداڵان دەتوانن بەهۆی پێکەوە بەســـتنی پارچەکان رۆبۆتی جۆراوجۆر دروست بکەن. لەگەڵ ئەم خشتانەدا ئەپلکەیشنێکیش هەیە بە بەناردنی فەرمان بۆ هەر پارچەیەك ئەرکەکەی بۆ دیاری بکات، ئامانج لە بەرهەمهێنانی ئەو خشتانە هاندانی منداڵانە بە ئاشنابوون بە پرۆگرام نووسین و دروستکردنی رۆبۆت...